www.kurdistannet.org
28-2-2007 21:27 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا








## هۆنراوەی. ڤیلهێلم بۆش وەرگێڕانی لە ئەڵمانیەوە ئیسماعیل کەریم

بۆ بێ دەنگیین؟
هێندە ئەستەمە کە بڵێی تۆم مەبەستە؟
بۆ خراپە ئە گەر بڵێی
بیرت دەکەم؟
هەموو ڕۆژانی ئایندەم
بە گفتێکی تۆ پەیوەستە؟
بۆ ئاسان نیە کە بڵێی، هەر تۆم دەوێت؟
هەموو ژییانی بێ تۆیم
هەر دڵ شکان و شکستە؟
بۆچی من ناتوانم بڵێم
تۆم خۆش دەوێت؟
لەبەر ئەوەی من دەترسم
لەکاردانەوەی نادیارت
لە تەشەرەی خەڵکی شارت
لە ئامێزی گەرمم دەگریت؟
گوڵ بارانی ماچم دەکەیت؟
یاخوود قاقا پێدەکەنیت؟
خۆتم لێم دووروەوە دەگریت؟
یا دەبیە سایەو سێبەرم؟
خەندە دەبیت بۆ سەر لێوم؟
گەر چرکەیەک ئاگام لە خورپەی دڵت بایە
ئەوا هێندە سانا بوو لام
کە پێت بڵێم
خۆشم دەوێیت
ئەوینی تۆ لە دەرونما دونیایەکی پڕ بەهایە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.